# درامای کوردی و هۆشیاری یاسایی

دیار غەریب

لەدوای پرۆسەی روخانی رژێمی(سەدام)ەوە درامای کوردی لە رووی ژمارەوە زیادی کرد، بەتایبەت لە مانگی رەمەزاندا ئەم درامایانە دەبنە بابەتی سەرەکی (tv)ییەکانی لای خۆمان. لە سەر ئەم درامایانە شارەزایان تارادەیەك شتیان لەسەر دەنووسن و شرۆڤەیان دەکەن، من لە بەر ئەوەی لەم بوارەدا شارەزانیم نامەوێت هیچ بنوسم و ئەوە بەجێ دێڵم بۆ کەسانی پسپۆر لەم بوارەدا، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە لایەنێکی ئەم درامایانەیە، ئەویش لایەنی یاساییە، من خۆم گومانم نییە کە دراما و فیلم چەندە هونەرن ئەوەندەش دەتوانن رۆڵ ببینن لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا. لە تێکۆشانی دیموکراتیشدا تێکۆشانی یاسایی و دادگا رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگادا، لێرەوە من پێم وایە کە دراما و زنجیرە کوردییەکان پێویستە گرنگی بەم بوارەی ژیان بدەن و جێگەیەکی تایبەتی پێ بدەن، هەتا تاکی کوردی لە رێگای ئەو درامایانەوە فێر ببێت کە تێکۆشانی یاسایی بکات و بە باوەر بە سەروەری یاسا بهێنێت و کاری بۆ بکات.

زۆر جار دەبینین کە فیلمێکی بیانی بەشی زۆری لەسەر چۆنێتی بەرێوەچووی دادگایە لە سەر تاوانێك. ئیتر سیاسی بێت یاخود کەتن بێت، ئەم لایەنە لە فیلمە عەرەبییەکانشدا گرنگی پێ دراوە بەتایبەتی فیلمە مسرییەکان. لەو فیلمانەدا دەبینین سیناریست چۆن لە رێگەی دیالۆگی ناو دادگا و ئەو گفتوگۆیانەی لەو تەوەرانەدا دەسورێنەوە، رۆڵی دادگا و یاسا دادوەر و پارێزەر و داواکاری گشتی دیاری دەکات و مافەکای تاك و تۆمەتبار و ئەو یاسا و مادانەی کە تۆمەتبار دەتوانێت لە رێگەیەوە خۆی بپارێزێت، روونیدەکاتەوە. هەندێ جار هەیە سیناریست دەرك بەبۆشایی یاسایی وەها دەکات و لە دیالۆگەکاندا جێگەی بۆ دەکاتەوە، کەرنگە بەشێکی زۆری یاساناسانیش یاخود سیاسەتمەدارنیش هەستیان پێ نەکردبێت و بەوشێوەیەش بەشداریەکی باش لە پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاخود سەرراستکردنەوەی مادە یاساییەکاندا دەکات. لەمەش سەرنج راکێشتر ئەوەیە، دەرهێنەری فیلمەکان بایەخێکی وەها دەدەنە ئەم سیناریۆ و دیالۆگانە کە ئەوەندەی تر فیلمەکە دەرازێنێتەوە و بەواتا تری دەکات و دەیکاتە بەتام و چێژترین ساتەکانی فیلمەکە. بەلاّم ئەوەی جێگەی نیگەرانیە، دراما و تەمسیلیە کوردییەکانی لای خۆمان زۆر هەژارن لە سیناریۆی بەم شێوەیە و لایەنی یاسایی و چۆنێتی بەرێوەچوونی دادگا زۆر گرنگی پێنادرێت. لەسیناریست و دەرهێنەرەکانی لای خۆمان یان هەر ئەم لایەنە تەرك دەکەن یاخود چەند دیمەنێکی بێ دەنگ پرۆسەی دادگا و لایەنی یاسایی کێشەکان تێپەردەکەن. بەلای منەوە ئەمە بۆشایەکی دراما و تەمسیلی کوردییە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. هەر بۆیە پێشنیار دەکەم و داوام لە سیناریست و دەرهێنەر بەرێزەکانی خۆمان دەکەم لێرە بەدواوە گرنگی بەم لایەنە بدەن لە سیناریۆی دراماکاندا و دەرهێنەرەکانیش لە نمایشکردنی بابەتەکاندا گرنگی پێ بدەن.